www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:08 3-10-2006

# هەرگیز نەبووە لە دونیادا حیزب خۆی گەندەڵ بێت، و خۆشی بانگەشەی ریفۆرم بکات و خۆشی مەرجەکانی ئەو ریفۆرمە دەستنیشان بکات ... تەوەرەیەک ئاسۆ ئامادەیی کردووە

**ئامادەکردنی تەوەرە ئاسۆ**

سالی دووهەزاروشەش سالی نارەزایتی خەلکی کوردستان بو بەروی دەسەلاتی پارتی ویەکێتی چەندین نارە زایەتی سەری هەلدا ئەوەی جێگەی نیگەرانی رای گشتی و شەقامی کوردییە ئەوە یە که دەسەلات دارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك رێزیان لە داوکانی خوپیشان دەران و نارەزایەتیەکانی خەلك نەگرت بەلکو بە پێچەوانەوە کەوتەنە گرت و زیندانی کردنی خۆپیشاندەران بۆیە ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایا دەسەلاتی کوردی که بانگەشەی دیموکراتی دەکات بەم هەلویستانەی کەبەرامبەر داواکانی هاولاتیان دەیگرنە بەر ناچنە ریزی دیکتا تۆرە کانەوە ئایا دوای ئەم نارزایە تیانە دەسەلاتی کوردی دەتوانێت ریفۆرم بکات ئەمەئەو پرسیارانە یە کەبەرادەوام رای گشتی دەخاتە بەردەم چەندین بۆ چونی چیاوازەوە ئێمە هەولدەدەین لەم تەوەرەیەدا رای چەندین نوسەرو رۆژنامە نوس ورۆشنبیر بۆوەلامی ئەم پرسیارانە وە ربگرین.

ئاسۆ: لەماوەی دومانگی رابردودا لەچەندین شارو شارۆچکەیکوردستان چەندین خوپیشاندان سەری هەڵدا، ئەودەرهاویشتەسیاسیانە چی بوون کەبوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بارگرژیە لەنێوان دەسەڵات و هاوڵاتیان دا؟



ڤینۆس فایەق: ئەو دەمەی جۆرێك لە نامۆیی پەیوەندی نێوان دەسەسڵات و هاوڵاتی داپۆشێت و هیچ جۆرە زمانێك ئەو دوانە کۆنەکاتەوە، زمانی پێکەو ژیان، بەمانای ئەوەی دەسەڵات توانای ئەوەی نەبێت دابەزێتە ناو ریزەکانی میللەت و تێبگات لەوەی ئەو میللەتە ئازار ئەچێژێت بەدەست نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی کەمترین هۆکانی باش گوزەرانی، نالێم خۆشگوزەرانی، ئەڵێم باش گوزرەانی بە کەمترین تواناوە، لەکاتێکدا پارە بۆ هەموو شتێك هەیە تەنها بۆ خزمەتکردنی میللەت نیە، جاران میللەت لە دژی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر و تۆقێنەری خەباتی ئەکرد، هەر لەو کاتەوە ئەو میللەتە چاوی کردۆتەوە و بە ناهەقی و ناڕەواییەکان رازی نابێت، ئەو میللەتە پەروەردەی دەستی ئەو دەسەڵاتەیە کە پێشەنگی نارەزایی و بەگژداچوونەوە و یاخیبوون بوو لەسەردەمی رژێمی بەعسی داگیرکەردا، ئیتر ئیستە هەر ئەو دەسڵاتە چۆن داوا لەو میللەتە دەکات بەو واقیعە رازی بێت؟ هاوڵاتی ئیستا هێند چاوکراوەیە بەراورد ئەکات، لە نێوان نەك شارێك و شارێکی تردا، یان لە نێوان وڵات و وڵاتێکی تردا، بەڵکوو لە بێهوودەیی و بێهیوایی خۆی بەراورد ئەکات لە نێوان ئەم سەردەمە و سەردەمی پێشوودا، هاوڵاتی وای لێ هاتووە خزمەتگوزاریەکانی ئیستا بەراورد ئەکات لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانی سەردەمی بەعس، کە لەگەڵ ئەوەی سەرکوتکرابوو و تۆقێنرابوو، بەڵام هەرنەبێ هێندی ئیستا بێ کارەبا و ئاو نەدەبوو، لە جیاتی ئەوەی بەرو پێش بچێت ئەبینێت بەرەوە دواوە رۆشتووە، بێهوبابووە لەوەی سبەینێ خۆری هیوا و ئومێدی نوێ هەڵبێت.. ئێمە خوێنمان رشت بۆ ئەوەی برۆینە پێشێ نەك بچینە دواوە، خوێنمان رشت و ئەو دەسەڵاتەمان سەرخست بۆ ئەوەی خزمەتمان بکات، نەك بۆ ئەوەی بەسەر پشتماندا سەرکەوێتە سەرەوە و میللەت لە ژێرەوە بهاڕێت..

ئەو دەمەی میللەت نەتوانێت بەشداری بکات لە دەستنیشان کردنی چارەنووسی وڵاتەکەی و مافی ئەوەی نەبێت بەشداری بڕیارەسیاسیە چارەنووسسازەکان بکات، ئەو کاتەی میللەت لە جیهانێك و دەسەڵات لە جیهانێکی تر، بەو شێوەیە بۆشایی نێوان میللەت و دەسەڵات فراوانتر ئەبێت..

بەم دواییە دەسەڵاتی سیاسی لەدەست قەیرانێکی ئاشکرانەکراوی ئاڵۆز ئەناڵێنێت و گرفتەکە لەوەدایە ئەو دەسەڵاتە راستگۆنیە لەگەڵ خەڵکدا، هەتا ئیستا بە زمانی دروشمی رەنگاورەنگ دێتە سەر تەلەفزیۆن و لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە قسە بۆ میللەت ئەکەن، و راستیەکان وەکوو خۆی بە میللەت ناڵێن هەتا میللەت بەرچاوی روون بێت و هەست بکات ئەوەی رووەدەدات پەیوەندی بە چارەنووسی خۆیەوەیە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی کوردی هەموو خاك و داهات و سەروەت و سامانی کوردستان بە موڵکی خۆی ئەزانێت تەنها دڵی میللەت نەبێت، لەکاتێکدا هەر ئەو میللەتە و پڕ بەو دڵە بە حەماسەوە چوون دەنگیان بۆ دا، ئیدی کە دەسەڵات بێباکانە روانیە خەباتی میللەت و قوربانیدانی میللەت، میللەت لە دەسەڵات بێهیوا ئەبێت و ئەوەش مەترسیدارتین قۆناغەکانی ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان میللەت و دەسەڵاتە..

ئاسۆ: ئایادەسەڵاتی کوردی لەتوانای داهەیە ریفۆرم بکات وە ك خۆیان لەراگەیاندنەکانیاندا باسی دەکەن؟ ئایا ئەو سیستمەی دەسەڵاتی کوردی بەرێوەدەبات دەتوانرێت ریفۆرمی تێدا بکرێت؟

ڤینۆس فایەق: ئەو سیستەمی دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرێوە ئەچێت هیچ کات ئامادە نیە بەو شێوە ریفۆرمەی میللەت داوای ئەکات، ئەوان بانگەشەی ریفۆرم ئەکەن، بەڵام ئەو ریفۆرمەی خۆیان ئەیانەوێت و لە کۆتاییدا بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی خۆیان تیا پارێزراوبێت، نەك ئەوەی میللەت ئەیەوێت و میللەت رازی ئەکات، چونکە عەقڵیەتی سیاسی کوردی عەقڵیەتێکی ئەوەندە کامڵ نیە گوێ بۆسکاڵای میللەت شل کات و ملکەچی ریفۆرمی میللەت بێت یان ریفۆرم بداتە دەست میللەت، چونکە ریفۆرمی راستەقینە بەسەرکردایەتی و پێشەنگی میللەت بەرێوە ئەچێت، هەرگیز نەبووە لە دونیادا حیزب خۆی گەندەڵ بێت، و خۆشی بانگەشەی ریفۆرم بکات و خۆشی مەرجەکانی ئەو ریفۆرمە دەستنیشان بکات، ئەوەتا چەند وەختە دەنگەکانی داواکاری ریفۆرم لە کوردستان بەرزە، کوا ئەو ریفۆرمەی میللەت داوای ئەکات؟، ئەوەتا ئەو حیزبەی گوایا سەرچاوەی گەندەڵیە، هەرخۆی خاڵەکانی ریفۆرم ئەنووسێتەوە و رایانئەگەیەنێت و ژێرەوژێر خەڵکی بۆ بەکرێ ئەگرێ بەرێوەی بەرن، لەبەر ئەوە ریفۆرم وەکوو دەسەڵات ئەبێت لەناو دەستی میللەتەوە سەرچاوە بگرێت، میللەتی کوردستانیش هەتا ئیستا دەسەڵاتی نەگرتۆتە دەست، و دواتر رێگەشی پێنادرێ ریفۆرم بکات، کەواتە دەسەڵاتی سیاسی کوردی ئەگەرچی بەرووکەش داوای ریفۆرم ئەکات، بەڵام لە ناخی قووڵیدا باوەڕی بە ریفۆرم نیە، چونکە ئەگەر میللەت ریفۆرمی راستەقینە ربکات، هەموو حیزبەکانی کوردستان، بەتایبەت هەردوو حیزبە گەورەکە گلۆڵەیان ئەکەوێتە لێژی و بەرەکەی ژێر پێیان ئەدرێ. بۆیە زۆر جار دەبینی دەسەڵاتی سیاسی باس لەو کەموکوڕیانە دەکات کە توانای نیە چارەسەریان بکات، بەڵام هەرگیز باس لە کەموکوڕیانە ناکات کە لەتوانایدایە چارەسەری بکات، و هەرنەبێت بڵی بۆ نایکات..

ئاسۆ: لەخوپیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا لەنیوان هەموچین توێژەکانی کۆمەڵگا دا نارەزایەتی هەبوو بەڵام تەنها توێژی لاوان هاتنە سەرشەقامەکان وە ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ حزوریکیان نەبوو لەم رێپێوانانەدا پرسیارەکە ئەوە یە چ هۆکارێك هەبوە بو نەبونی حزوری چین وتوێژەکانی تر لەرێپێوانەکاندا؟

ڤینۆس فایەق: بێگومان ئەمڕۆ لەسایەی ئەو بارە نالەبارەی کۆمەڵگای کوردستاندا ئەمڕۆ هەموو چین و توێژەکان زەرەرمەندن، بەڵام ئەوەشمان لەبیرنەچێت کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ بەرووکەش پێشکەوتووە

بەڵام بە ناوەرۆك دواکەتووە، ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی ئەمڕۆ پێشەنگی کۆمەڵگای کوردیە هیچ کاتێك هیچ وشیایەکی سیاسی و رۆشنبیری و فیکری وای بەگوێی چین و توێژەکانی میللەتدا نەخوێندووە بویان ببێتە وانە و دواتر پیادەی بکەن، ئەو دەسەڵات هیچ کات باوەڕی بە تواناکانی ژن نیە، ئیدی هەموو هەوڵیکی خستۆتەگەڕ بۆ لاوازکردن و لەپەراوێزنانی هێزی ژن لە کۆمەڵگادا، هەمیشەش لەوەدا بەشیوەیەك لە شێوەکان سەرکەوتووبووە، چونکە بە هەمان نەهجی حیزبی بەعس لەگەڵ ژن هەلس و کەوت ئەکات، ئیدی تۆ چی لە چین و توێژێکی لاواز و بێهێزی وەکوو ژن ئەکەیت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەو ژنەی لەبەر هەتا ئیستاش لەبەر چار نەوەی تازەی ئەو کۆمەڵگایە بەخێو ئەکات، و مەودای ئەوەی نیە لەبەر نالەباری بارودۆخی ژیانی و نەبوونی ساکارترین هۆکانی ژیانێکی ئاسوودە، چۆن چاوەڕێی ئەوەی لێ ئەکەیت هێزی هەبێت و بێتە سەرجادە و هاوار بکا.. هەروا ئاسان نیە بۆ سەرتاپای نیوەی کۆمەڵ کە لە پەراوێزدا بەند کرابێت و هیچی لەپشت نەبێت باوەڕی بە بزووتنەوەیەکی وا هەبێت، زۆر جار سەرچاوەی ئەو لاوازی و بێهێزیەش نەبوونی متمانەیە لەنێوان ئەو چینە و کۆمەڵگا خۆی، هەتا سنووری سەلبیەت..

بەڵام ئەوەی لە پێشەوەی کاروانەکە ئەوەستێ و دەنگ بەرزئەکاتەوە چینی گەنجە، بۆیە هەرچینی گەنجە راستگۆیانە دەنگی ناڕەزایی بەرز ئەکاتەوە، دواتر ئەوەمان لەبیرنەچێت چینی گەنج ئەو چینەیە هەروەك لە زمانی زۆریان بیستوومە ئەڵێن ئێمە هیچمان نیە لە دەستی بدەین، کە گەنج لە کۆمەڵگایەکدا بکاتە ئەو قۆناغە مەترسیدارە لە بێهوودەیی و بێهیوایی، بگاتە رادەی ئەوەی هەست بکات هیچی نیە لە دەستی بدات، کەواتە هەر ئەو گەنجە لە توانایدایە ئەو دەسەڵاتە بخاتە بەر مەترسی هەڕەشەی کوودەتایەکی تر، کوودەتایەکی فیکری و ئەخلاقی بەسەر سیستەمێك خۆمان دەنگان بۆدا..

بەباوەڕی من تەنانەت ئەو رێپێوانانەی روویاندا بە دوو شێوە روویدا، یان بە تاکتیك و نەخشەی حیزبەکان خۆیان، یان بە شێوەیەکی عەشوائی، هەمیشەش ئەگەر دەسەڵات نەخشە بۆ شتێك بکێشێت چین و توێژ هەن پشت گوێیان ئەخات وەکوو چین و توێژی ژن، چونکە ئەو دەسەڵاتە لە بنەڕەتدا دەسەڵاتێکی پیاوسالاری گەندەڵە، لەو حاڵەتەشدا پێویستی بە چینی گەنجە بیانکاتە سووتەمەنی جەنگەکانی.. بەڵام ئەگەر شێوەی دووەم بووبێت واتا عەشوائی ئەوا لەبەر هەمان هۆ ژن تیا ناتوانێت بەشداری بکات، تەنها چین کە وەکوو وتم هیچی بەدەستەوە نیە بیدۆڕێنێت گەنجە و هەر ئەویشە سووتەمەنی هەموو ململانێکان بە درێژایی مێژوو.